## گفتوگۆ لەگەڵ زمناکۆ عزیز و ئازاد مجید و ئازاد ئەحمەد

# سەبارەت بە بڕیاری گرانکردنی سووتەمەنییەکان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لەدژی

**ئۆکتۆبەر: بڕیاری زیادکردنی نرخی سوتەمەنییەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەرکرا، ئەم بڕیارە لەگەڵ نارەزایەتی فراوانی خەڵکی عێراق و دژایەتی توندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق رووبەڕوو بووەوە، دەکرێ بە کورتی پێمان بڵێی بۆ؟**

زمناکۆ عزیز: لەبەر یەك هۆی سادە ئەویش ئەوەیە کە بڕیاری زیادکردنی سوتەمەنی بڕیارێکە دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکە، وە پێمان وایە کە سەرەتایەکە بۆ هەرچی زیاتر هێرش کردنە سەر جەماوەرو توندکردنەوەی تەوقی برسێتیو هێنانەخوارەوەی ئاستی بژێوی جەماوەرو پێمان وایە کە چەندین بڕیاری هاوشێوەی بەدودا دێت، چونکە ئەوان ئەم ڕێگەیە بەگونجاو ئەزانن بۆ جێبەجێکردنی زۆر شت، یەکێك لەوانە ئەزانن کە هەرچەندە ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵك باش بێت تەوەقوعی ئەچێتەسەر و خواستو داواکارییەکانیشی چەند بەرابەر ئەبن، کە حکومەتی بەهەزار حاڵ دروستکراوو بەزۆر سەپێنراوی عێراق و تەنانەت ئەمریکاش دەستەوەسان ئەبن لەئاست وەڵامدانەوە بەو داواکارییەکانە، وەهۆیەکی تر ئەوەیە داهاتی خۆیانو پێدوایستییەماڵییەکانی داگیرکاریو کەڵەکەی سەرمایە گوێلەمستەکانی ئەمریکا لەم ڕێگایانەوە دابین ئەکەن، هاوکات پێشیان وایە کە ئەمە یەکێکە لە میکانیزمەکانی بازاری ئازادو ئەگەر حکومەتی ناوەندیش بەم میکانیزمە بچێتە پێشەوە، کەواتە پێیوایە کە چوتە ڕیزی دەوڵەتانی ئاسایی دنیا، بەڵام نە بازاری ئازاد لە جەرگەی ئەوروپای مۆدێرندا وەڵامدەرەوەی پێداویستیە حەیاتییەکانی خەڵك بووە، وە نە عێراقیش ئەوجێگایەیە کە لەئێستادا بتوانی ئەم قەرارومەدارەی بەسەردا بسەپێنیت، چونکە لەلایەك داگیرکراوەو دەوڵەتی ئاسایی تیانیەو ئەزمەی حکومەت تا چەند ساڵێکی تر درێژە ئەکێشێت، نەبونی ئەمنیەتو کردەوە تیرۆریستیەکان ڕێگری گەورەتر بۆ ئەم کارە دەهێننەپێش، لەلایەکتریشەوە نە خەڵکی عێراق وەك تاکەکانی ئەو وڵاتانە لەهەندێك مافی سەرەتاییو سروشتی خۆیان بەهرەمەندن، لەچەشنی بیمەی بێکاریو بیمە کۆمەڵایەتیەکانو بیمەی تەندروستیو ژیان، هاوکات داهاتی هاوڵاتی بەپێی ستانداردێك دیاری ئەکرێت کە وەڵامدەرەوەی دابین کردنی لانی کەمی ژیانی بێت، بەڵام لە عێراق نەمافو نە دەخلی فەردو تەنانەت نە دەوڵەت بەمانا باوەکەی هەیە، بۆیە سەرچاوەی ئەم بڕیارە هەرکوێیەك بێت کۆنەپەرستانەو فریودەرانەو دژە خەڵکیەو ئەبێت بەهەموو تواناوە بەرەنگاری ببینەوەو پاشەکشەی پێبکەینو شکستی پێبهێنین.

**ئۆکتۆبەر: بەرپرسانی ئیداری لەهەندێك پارێزگای خوارەوەدا، تەنانەت لەکوردستانیش دەڵێن ئێمە لەگەڵ بڕیارەکەدا نین، بەڵام لەئەوەڵین ڕۆژەکانیەوە کاریان بەنرخی تازە کردوە. بەڕای تۆ ئەم قسانەیان چەندە دەکرێ بەجدی بگیرێت؟**

زمناکۆ عزیز: ئەم بڕیارە بەبێ ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتەکەی جەعفەری- تاڵەبانیو نوێنەرانیان لەئەنجومەنی نیشتمانیو پارێزگاکان دەنەکراوە، بەدڵنیاییەوە ئەڵێم کە پێشوەخت هەرهەمویان ڕەزامەندیان لەسەر نیشانداوە، بەڵام کاتێك بڕیارەکە تەنها دوو ڕۆژ دوای مەهزەلەی بەناو هەڵبژاردنیان دەردەکرێتو لەگەڵ نارەزایەتی ملیۆنی جەماوەری عێراق بەرەو بووەوە، ئینجا ئەوان هاتنو وتیان کە لەگەڵ بڕیارەکەنین، واتە ئیزدواجیەتی ئەوان لەژێر فشاری خەڵکدایە، بەم قسانەیان ئەیانەوێ حکومەتی ناوەندی پێ تاوانبار بکرێتو خۆشیان لەژێر فشاری خەڵك ڕزگار بکەنو بەنرخی نوێش سوتەمەنی بەخەڵك بفرۆشنەوە، لەولاشەوە بەم پاساوی نارازی بونەی خۆشیان بەربگرن لەهەر خۆپیشاندانێکی جەماوەری لەدژی ئەو بڕیارە بێتە مەیدانو بەئاسایشو پۆلیسەکانیان سەرکوتی بکەن، ئێمە لەکاتی هەوڵدانمان بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ خۆپیشاندانەکان بەدەیان شێوە ئەم ڕاستیانەیان دوپات ئەکردەوە، ئەیانوت ئێمەش دژی بڕیارەکەین، ئیتر بۆ خۆپیشاندان دژ بەئێمە ئەکەن؟ بۆیە ڕێگەتان نادەین، کاتێك دەمانووت کەوایە ئێوەش وەرنە پشتی داواکانی خەڵكو پێکەوە داوای هەڵوەشانەوەی بڕیارەکە بکەین، دەیانووت ئێمە خۆمان نەخشەمان هەیە کە ڕێگەچارەیەك بۆ بڕیارەکە دانێین، کە ئاشکراشە ڕێگەچارەی ئەوان هەر دەسیدەسی کردنە بەخەڵك تا ئارامیان ئەکەنەوەو پاشان بڕیارەکە ئەکەنە ئەمری واقع بەسەر خەڵکەوە. وە تەنانەت لە سەرجەم شارەکانی عێراق ئیفرازاتەکانی ئەم بڕیارە وەدەرکەوتوەو دەستیان کردوە بەهێرشی زیاتر بۆسەر خەڵك، بەبڕیاری ڕەسمی حصەی بایەعیەکە 25٪ کەمکراوەتەوەو بۆ هەشت مانگیش نەدانی ئەو بەشە خۆراکیە تەنها 38 هەزار دیناری چاپی نوێ کە ناکاتە 25$ دیاری کراوە بۆ هەر کەسێك لەهەشت مانگدا، وە وەزارەتی تەندروتی

عێراق بڕیاری زیادکردنی پسولەی خەستەخانەکانی بە ڕێژەی 40٪ زیادکردوەو ئەمەش دوو ڕۆژە تەعمیم کراوە بەسەر پارێزگاکاندا، وەنرخی هاتو چۆش بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردوەو تەواوی پێداویستیەکانی خەڵك بەرێژەی زۆر زیادی کردوە، لەکاتێکدا کە دینارێك بۆ موچەو مانگانەی کەس زیادی نەکردوە.

**ئۆکتۆبەر: هاوڕێ ئازاد مەجید تۆ وەکو یەکێك لەرابەرانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی شاری کەرکوك لەدژی ئەم بڕیارە، پێت وایە بۆ هەڵخڕاندنی زیاتری جەماوەرو هێنانە مەیدانیان چ کارێك پێویستە بکرێت؟**

ئازاد مجید: خەڵك ئەبێت لەئاکامە زیانبارەکانی ئەم بڕیارەو هەموو ئیفرازاتەکانی زیاتر ئاگادار بکرێنەوەو، دڵنیا ببنەوە کە ئەم بڕیارە بەزیانی ئایندەی خۆیانو خێزانەکانیانە، ڕێکخراوە ئینسانیەکانو هەموو ئەو ئینسانانەی کە لایەنگری خۆشگوزەرانیو ڕیفاهن بۆ خەڵك، هەموو ئەو کەسانەی کە بەدرێژایی سەرجەم ئاڵوگۆڕەکان خۆیان لەبەرەی خەڵکدا دیوەتەوە، بەرنامەی چڕوپڕیان ببێت بۆ ئەم هوشیار کردنەوەیەو ڕابەرانو نوێنەرانی خەڵك بەشێوازی جۆراوجۆر ڕوونکردنەوە لەسەر خەتەریی ئەم بڕیارە بۆ خەڵك بدەن.

ئێمە لەڕۆژانی ڕابردوو چ وەك حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وە چ وەك دەستەکانی داکۆکی لەسەراسەری کوردستاندا بەم هەنگاوانە هەستاوینو چەندین لێدوانو ڕاگەیاندنو کۆبونەوەی جەماوەری فراوانمان لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجامداوە، لەزۆربەیاندا لەگەڵ ئاسایشو پۆلیس دەرگیر بووین تا ئاستی بەردبارانکردنی پۆلیسو هوها کێشان لەئاسایش، وە لەسەر هەمان بەرنامە بەردەوام ئەبینو ئەم دەورەیە خەباتکاری شکست پێهێنانی ئەم بڕیارە دژە خەڵکیە ئەبین، بۆ ئەم مەبەستە چەندین کۆڕو کۆمەڵی جۆراوجۆر دیتراونو بەنیازین بەشێوازی جۆراوجۆرتر درێژە بە نارەزایەتیەکان بدەینو سەراسەریان بکەینەوە.

**ئۆکتۆبەر: باس لە سەراسەری کردنەوەی ئەو خواستە جەماوەریە ئەکەن کە خوازیاری هەڵوەشانەوەی بڕیارەکەیە، ڕێگەکانی ئەم سەراسەری کردنەوەیە چین؟**

ئازاد مجید: خودی بڕیارەکە سەراسەرییە، واتە دژی بەرژەوندییەکانی خەڵکی عێراقو کوردستانە، بەعەرەبو کوردیەوە، بۆیە ئەبێت لەئاستی سەراسەریدا ڕیزێکی فراوانو ڕێکخراوو یەکگرتوو لەدژی ئەم بڕیارە بهێنینە مەیدان، فشاری هەمە جۆر بۆ ئیدارەی شارەکانو حکومەتی ناوەندی بەکار بهێنین تا دەست لەو بڕیارەیان هەڵگرنو لێی پاشگەز ببنەوە، بۆ ئەمە پێویستە ڕابەرانی عەمەلیو مەیدانی و نوێنەرانی خەڵكو کۆمۆنیستەکان لەڕیزی پێشەوەی ئەو خەباتەدا بن، بتوانن بۆ گەیاندنی پەیامی ئینسانی خۆیان سوود لەهەموو کەناڵو ئیمکانیاتێکی کۆمەڵگا وەرگرن، کۆبونەوەی خەڵکی لەهەر ئاستێکدا، مەبەست بەشێوەی کۆڕو کۆمەڵی بچوك بچوك، یان بەشێوەی میتنگی جەماوەری لە مەیدانەکانی شاردا، سەبارەت بە بڕیارەکەو نەخشەی داهاتووی بەناو حکومەتو هوشداری بەخەڵك بدەن، خۆیان لەڕیزی پێشەوەی نارەزایەتیەکاندابن، وە لەپەیوەندی بەردەوامدابن لەگەڵ نوێنەرو ڕابەرانی هاوشێوەی خۆیان لەشارەکانی تر بۆ ئەنجامدانی چالاکی جەماوەری بەبەرنامەو ووروژاندنی شەقامەکان لە یەك کاتدا، ئەمە نەك هەر ئەتوانێ هەنگاوێك بێت لە ڕاستای شکست پێهێنانی بڕیارەکە، بەڵکو سەرەتایەکیشە بۆ هێنانەمەیدانی خەڵك بۆ دەخالەت کردن لەسەر چۆنیەتی ژیانو داهاتوی خۆیان، بەجۆرێك کە خۆیان بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن نەك خەڵکیتر.

**ئۆکتۆبەر: هاوری ئازاد ئەحمەد ئیوە بریاری زیادکردنی نرخی سووتەمەنیەکان چۆن دەبینن و پیتان وایە هۆکارە شاراوەکانی پشتی ئەم بریارە چیە؟ ئایا ئەوەی کە حکومەتی عیراق پاش زیادکردنی نرخی سووتەمەنیەکان رای گەیاند کە بۆ ئەوە نرخی سووتەمەنیەکانیان زیاد کردووە تا یارمەتی یەك ملیۆن خیزانی هەژاری عیراقی پێ بدەن، تا چەند راستە؟**

ئازاد ئەحمەد: سەرەتا با ئەوە بلیم کە بریاری زیادکردنی نرخی سووتەمەنیەکان، ریك دوای تەواو بوونی هەلبژاردن و لە کاتیکدا کە دەنگ و سەدای وەعدەکانیان کە عیراق و کوردستان دەکەنە بەهەشت وهەزاران بەلینی تر لە گویی هەموو لایەکدا دەزرنگایەوە، نیشانەی ناراستی و دووری ئەوانە لە خواستی خەلك بۆ ژیانیکی باشتر وخۆشتر ، لە هەمان کاتدا پووچی ئەو چاوەروانیەی دەرخست کە کەسانیك هەیان بوو بەرامبەر بەوەی کە ئەم هەلبژاردنە فەرقی هەیە لە گەل هەلبژاردنەکانی تر و چی وچی.

پاشان ئەوەی کە ئەم بریارە بۆ ئەوە دەرکراوە تا یارمەتی 1 ملیۆن خیزانی هەژاری عیراقی پێ بدەن ، کەم و زۆر پەیوەندی بەم بریارەوە نیە وئەمە تەنها بۆ خۆل کردنە چاوی خەلکە و بۆ ئەوەیە کە بە بێ دەنگ بریارەکە بە سەر خەلکدا بسەپینن، ئەگینا ئەگەر راست دەکەن با یارمەتی هەژارانی عیراق لەو ملیارەها دۆلارە بدەن کە لە ئاکامی زیاد بوونی نرخی نەوت لە بازارە جیهانیەکاندا دەکەویتە دەستی حکومەتی عیراق، کە لە ماوەی 2 سالی رابردوودا نرخی هەر بەرمیلیك نەوت لە 36 دۆلارەوە بووە بە 55 تا 60 دۆلار، کە ئەگەر حسابی بکەی داهاتی عیراق لە

ئاکامی ئەم بەرز بوونەوەیەی نرخی بەرمیلیك نەوت لە بازارەجیهانیەکاندا، ئەوەندە زۆرە کە بە هۆیەوە دەتوانی فەقیری و نەبوونی لە عیراقدا لە بەین ببات.

دەرکردنی ئەم بریارە لە راستیدا بە ئیتیفاقی حکومەتی عیراق- بە هەموو لایەنە پیك هینەرەکانیەوە- وئەمریکا و سندوقی دراوی نیو دەولەتی بووە و ئامانجیشیان تەنها بریتیە لە تالان کردنی سەروەت و سامانی عیراق وفراندنی پارووی دەمی خەلکی هەژارو کەم دەرامەت. ئەمە سیاسەتیکە کە ئەگەر بۆیان بچیتە سەر و ئیعتراز و نارەزایەتیەکانی خەلك بەری پێ نەگریت ئەوا کۆمەلگای عیراق نوقمی هەژاری و بێ بەشی و گرانی و نەبوونی دەکەن و زیادکردنی نرخی سووتەمەنیەکان تەنها هەنگاوی یەکەمیانە ولە دواتردا برینی مەوادی خۆراکی مانگانە وگران کردنی نرخی ئاوو کارەبا و زیادکردنی باجی سەر هەموو شتیك وبرینی هەموو یارمەتیەك کە حکومەت بە خەلکی دەدات وچەندین و چەندین شتی تر، هەنگاوەکانی دواتریانە.

بە بروای من بۆ هەر کەسیك کە بە شیوەیەکی سەرپێیش سەرنجی شتەکان بدات، بە ئاسانی لەوە تی دەگات کە ئەمریکایەك کە تا کۆتایی سالی 2005 زیاتر لە 200 ملیار دۆلاری لەشەر و وەزعی عیراق و جەیشەکەی سەرف کردووە و هیشتاش مانگانە ملیاران دۆلار مەسرەفی هەیە و هەموو ئەو دەولەتانەی کە قەرزیان لای عیراق بوو، لەم ماوانەی دواییدا لە یانەی پاریس تەقریبەن هەموویان لە 80٪ ی قەرزەکانیان خۆش بوون، مەعلومە کە نە ئەم هەموو پارەیە بە بەلاش سەرف دەکەن و نە لەم هەموو قەرزەش بە بەلاش خۆش دەبن، و ئەگەر بە شیوەیەکی تر و زۆر زیاتر لەم مەبلەغەیان دەست نەکەویتەوە، هەرگیز ئەم کارە ناکەن.

شتیکی تر پیم خۆش بوو کە ئیشارەی پێ بدەم ئەویش بریتیە لە هەلویستی هەردوو حکومەتی هەریم لە سلیمانی وهەولیر، کە هەر بریارەکە لە حکومەتی مەرکەزیەوە دەرچوو، یەکسەر قبوولیان کردو بە راکردن خۆیان گەیاندە بەنزینخانەکان ویەکسەر نرخە تازەکەیان دانا، وە لە بەرامبەر ئەم بریاری گران کردنەی سووتەمەنی -کە لە راستیدا گرانکردنی هەموو شتیکە-، نەك هەر نارەزایەتیان دەرنەبری بەلکو بە بیانووی ئەوەی کە بریاری حکومەتی مەرکەزیە و چارمان نیە، بێ چەند وچوون قبوولیان کرد. ئەمە لە کاتیکدا حکومەتی مەرکەزی لە رابردوودا بریاری تری داوە بەلام لە قازانجی ئەوان — یەکیتی و پارتی — نەبووە، رەفزیان کردووە، وەك ئەوەی کە هەر لەم سالدا بوو بریاری خانەنشین کردنی چەندین ئەفسەری پۆلیسی کرکوك و نەقلی 2500 پۆلیس و دەرەجەداری کورد دراوە، بەلام لە لایەن حکومەتی هەریمەوە رەت کراوەتەوە. ئەمە ئیتر بانیکە و دوو هەوا ئەو بریارانەی لە قازانجی خۆیانە ئەگەر حکومەتی مەرکەزیش دەری بکات رەتی دەکەنەوە، بەلام بریاریك کە هەموو خەلکی کوردستان تیایدا زەرەرمەندە ئەوان بە هەلەداوان پیشوازی لی دەکەن وقبولی دەکەن. دەبێ خەلکیش ئەم واقعیەتە باشتر بزانن.